(دارستانی ئەوبنارە) گۆرانیی شاعیرێکی خەمناکە لە نێوان سیزیف و زۆربادا

دلشاد محمد امین

کاتێك بەدیوانەکەی نەوزاد ڕەفعەتدا دەچوومەوە ، وەك هەموو جار ویستم ئەو دێرانە بدۆزمەوە کە لە نێوانیاندا شاعیر خودی خۆی پەنا داوە . بەومەبەستەی بزانم شاعیر کێیەو چۆن دەڕوانێتە خۆریو ژیانی ئێستای

خۆم بێ چەنزم ....
خۆم بێ سێبەرو بێ کەپرم .... (ل٤٢)
(کێ کەرتێکی شاخی کۆلی من هەڵ دەگرێ ؟
تا بزانێ باری ئەم کۆستەچەند قورسە ؟) (ل٤٤)

★ ★ ★

ڕێگاکان کوان ؟
تەم دایگرتوون ؟ ! یاسووتاوون ؟ !
گولەکان کوان ؟ ! (ل ٤٤)
تا بزانێ بۆ ڕۆ دەچم ! هەڵ دەستمەوە
دەبمە دەریاو هەڵ دەچم ؟ ! (ل٤٥)

خۆم بەرامبەر شاعیرێکی لاوی خەمناکی تازەچرۆبینییەوە ، ئەم شاعیرە لە نێوان ئاوازو ئیقاعی خەمناکی دێرەکانییەوە گۆرانییەکی دەووت بۆ تێکشکان . ئەویڕاستیبێ . ویستم واز لە پێدا چوونەوەو هەڵسەنگاندنی بهێنم . چونکە لە مێژەوە وەڕسم لەو شاعیرانەی خەم دەفرۆشن . لە مێژەوە بە دووی شاعیرانێکدا وێلم ڕابەری ڕاستەقینەبنو لە هەموو تێکشکانێکدا ئەوان خەڵکی هەڵ بستێننەوە نەك بە پێچەوانەوە . چونکە لای من مەزنترین حورمەتو ڕێز گەر بدرێ بە یەکێك .. ئەوەبە پێی بووترێ (شاعیر) تەنیا ئەم ووشەیە زۆرە ئیتر با تۆ هەزارو یەك تێبینیت دەربارەی هەبێ .. گرنگ نییە . گرنگ ئەوەیە تا لەبەرەی خێردا نەیبینی وای پێ نالێیت . دەبا ئەویش وەك نیشان بیکا بە سنگییەوە . بەڵێ ـ ویستم واز لە پڕۆژەکەم بێنم .

بەڵام من پێشترو لە میانەی سالی حەفتاوە تا ئێستا لەناو ئەو هەموو لاوانەدا کە شیعر دەنووسن و ژمارەیان لەچەند سەدێك زیاترە . تەنیا ٥ـ٦ لاووم هەڵژاردووە سۆراخی بەرهەمەکانیان بپرسمو گرنگییان پێبدەم بە ئومێدی ئەوەی لەناو بەرهەمی ئەمانەدائەو ترووسکاییەی بەدێم کردووەوا دەشێ بیانکاتە خاوەن پلەو پایەی خۆیان لە ئەدەبی هاتووی کورددا . دیارەنەوزاد یەکێکە لەو ٥ـ٦ لاوە .

بۆیە جارێکیتریش بە دارستانەکە نەوزاددا چوومەوە . گەرچی بەروبوومی زۆر سادەو کاڵو میتافیزیکییانەی وەهام دی .

خۆمان شوومین یالە هەنیەمان نوسراوە :
دەبێ تاماوین غاردەمینو نەگەینە ژێر ئەو ئاسمانە ؟؟
نەگەینە ئەو دارستانە ؟؟ دەوری ئاگردانێك نەدەین ؟؟
دەبێ اتاماوین غاردەینو نەگەینە پەنایەك بەفرو
کریوە نەیگرێتەوە

بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەرهەمی چەند ساتێکی وورە بەردانەو شاعیری پێ تەرا زوو ناکرێو شاعیریش وەك هەر مرۆڤێ بۆی هەیە خەمناكبێ . بە مەرجێ خەمەکەی گەر لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دایەوە کوشندەو وورە پێبەر دەر نەبن . جەماوەر ڕووخێنەر نەبن . زۆر تەجریدیو زاتی نەبن کە هیچ جۆرێ پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە قرتابێ . هەر وایش بوو زانەکەم بەرامبەر نەوزاد باش دەرچوو .. چونکە خەمە زاتییەکانیشی هەر بەستراوەن بە کۆمەڵو خاکەکەیەوە تەجریدی نین ـ بۆیە هەناسەیەکم پێدا هاتەوە .

من کە لوورەی باوبۆرانو سەگی ئاوایی دەبیستم
دادەخورپێم . مەلوول دەبم
دەڵێم ئاخۆ دەبێ کام دلدار بمری ؟
دەبێ دەستم کامە خۆشەویست بنێژێ ؟
دەڵێم دیسان ئەستێرەم کەوتۆتە لێژی
کۆستێك پشتم دەنەوێنێ (ل ١٧)

نەوزاد دلنیامان دەکاتەوە لەوەی خەمەکەی تاكو تەنیا بۆ کەسی خۆی نییە. مردنی خۆشەویستێ .. کۆستێکی گەورەیەو پشتی دەنەوێنێ . وەك هەندێ لە شاعیرانی زۆر زاتی واوەیلای لە دەست تێداچوونی خۆی نییە . بەرەو ڕووبوونەوەی لەگەل مەرگ‌داو مامەڵەکردنی لە تەك لەناوچوونو ژیان کوژاندنەوەدا لەو گۆشەیەوە دەگرێتەبەر کە مەرگی خۆی ئاساییە بەلام دڵ دا خورپانەکەی بۆ مەرگی دلدارێکە خۆیو پەنجەکانی بەشداربن لە ناشتنیدا .

ئەم مامەڵە کردنەی بردمی بەرەو تاوتوێ‌کردنێکی ووردی دیمەنو دەربڕینو ئەندێشەکانی .

ئەم لاوە خەمناکە لە نێوان سیزیفی‌یەتو زۆربایی‌یەتدا لە ملانێدایە . لە کێشەیەکی توندو تیژدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ڕۆڵەی ئەم خاكو کۆمەڵەیەو بە هەزارەها گوریس ڕەنگی پێتو ئەبرەی دەنگ‌و تروسکەی جاوی‌و سۆزی ناخی‌و بیری مێشکی بەستراوەتەوە بەم خاکەوە . بۆی روون دەبێتەوە ئەم نابێ خۆی بخەلەتێنێ‌و لاسایی خەشخاش‌و تریاك خۆرو بەنگ کێشەکانی وولاتانی سەرمایەداری بکاتەوە .. بۆیە .. لە ئەنجامدا زۆربا ڕەت دەکاتەوەو لای سیزیف خۆی دەبینێتەوە .

لە سەرەتادا مەیلی زۆربایی‌یەتی هەیەو خۆی تاقی‌دەکاتەوە .

شەو درەنگەو شەقامەکان کپن.چۆڵن منیش خەمبارم دەمەلسە

بکەوە گۆرانی‌و بەزمو هەموو وەڕسی‌و خەمەکان
بەسەمایەك بە با بدە دەسەمتوورەکەت هەلگرەو
سەرچۆپی بە پەنجە شێتەکانت بگرە
با ئەو ئەسپەی هاتۆتە سەر پاشوو بەهەر دوو لەپ
بەربۆتە دەروازەی مێشکت بەرەلا بێ‌و بەناو شارە گەمژەکەتا
غار بداتو بحیلێنێ باشەختەی ڕووی گۆلی بیرکردنەوەت بشکێ . ل (١٦ـ١٧)

بەلام دەزانی ئەم تاقیکردنەوەیەی .. بۆ سەرناگرێ . چونکە وەك زۆربایەك مۆڵەتی ئەوەی نی‌یە سەمتوور لێبداو سەمابکا . ئەو شارەیش کە تیای‌دا دەژێ وەك شارەکەی زۆربا خاوەنی شەوی بێ وەی نی‌یە . هەست بەوە دەکا تەنانەت کۆمەڵە ئافرەتانێکی دەوروبەری خاوەنی باخەڵی سەربەستی خۆیان نین وەك ئافرەتەکانی شاری زۆربا .. بەڵکە هەریەکەیان بەرامبەر مێردێکی ڕۆژهەلاتی خاوەن ئیلتزامن . جگە لەمانە دەزانێ خۆیشی وەك لاوێکی خەمناکی ئەم کۆڕو کۆمەلە .. خاوەنی ئەو بیروباوەڕە نی‌یە لە پێك‌دا خەمەکانی بنووێنێ . چونکە خۆی لاوێکی کوردەو ئێرە کوردستانی عێراقەو کۆمەڵەکەیشی کوردەواری‌یە ...... بۆیە .

پێکێك هەڵدەم ؟ بکەومە گۆرانی‌و بەزمو
هەموو وەڕسی‌و خەمەکان بەسەمایەك بەبا بدەم ؟
ئەی زۆربانی ؟

خێرا هوشیار دەبێتەوەو دەڵێ : نەخێر من نەوزاد ڕەفعەتم و ناتوانم زۆربابم .. چونکە .

زۆربا شاخێك پیرەمێری‌و کارەسات دەگوێزێتەوە
زۆربا هەموو شەوێك خۆی لە بێشەی قژێکدا دەکوژێ‌و
بەیانیش هەڵدەسێتەوە . (ل ٢٠)

شاعیر لە هوشیاری‌یەوە زۆربا ڕەت دەکاتەوەو وەدەزانی لەم کۆمەڵەی خۆیدا لەسەر بێشەی قژێك سەد زۆربا دەکوژێ‌و هەرگیز هەڵناسێتەوە وەك‌خۆی . بۆیە ڕوو دەکاتە خۆشەویستەکەی .

دەزانی بۆ لە دێرەوە کۆستی تۆم بە کۆلەوەیەو
تلە بەردی ئازارەکانت هەڵدەگرم . (ل ١١)

وەك بلێ دەزانی ناتوانم زۆربابم . من سیزیفم‌و تاشە بەردی کۆستی نەگەیین بە تۆم بە کۆلەوەیە . لەهەموو سەرخستنێك‌دا لێم دەخزێتەوە لەسەری لوتکەوە بۆ بنار دیسانەوە وەك سیزیف لە جارە نووسراوە لێی بتەومەوەو دیسانەوە بگرمەوە بەشانمەوە .. چونکە بۆتە قەدەرم

من پێشروەی چاو بەدنیادا هەڵهێنم
دلدارت بووم . (ل ١٢)

گەرچی ئەم خۆش‌ویستنە میتافیزیکی‌یانەیە . کارەساتەکەی شێخ فەرخمان دێنێتەوە یاد کە لە شیعرێکی شێرکۆ بێ‌کەس‌دا لە پاشکۆ شیعری‌یەکەی ڕۆژی کوردستان‌دا بلاوکرابووەوە . وە ئەوەمان پێ‌ی دەڵێ : گوایە خۆشەویستی‌یەکە لە چارە نووسراوەو لە پلەی قەدەردایە . بەلام تروسکەیەکی ووریایانەمان پێ دەبەخشێ کە نەبوونی‌و چەوساندنەوەیش دادەنێ

به هۆیەکی گرنگ بۆ لێک نزیک بوونەوەیانو گەیشتنیان به یەك .

منو تۆ ئەو شەوە فێری عیشقی خاكو
ماڵو دەواری خۆمان بووین کە تا بەیان
لەدە شتەکاندا ماینەوەو باران لێی داین . (ل ١٠)

دیارە ئەم خۆشەویستی‌یەی لە چەوساندنەوەدا لە دایك دەبێ . ئەو دوو دلدارەی نەبوونی یەکیان دەخا. هەر شتێکیان چنگ بکەوێ بۆ خزمەتی دلداری‌یەکەیانی دەخەنە کار .

گەر ئەو خەرتەڵەی دەبینی بەسەرمانەوە دەگەڕێ
بێو باڵەکانیم بداتێ تەنیا ڕووەو تۆ هەڵ دەفڕم
گەر ئەو خۆرە ڕۆشنایی‌یەکەیم پێ ببەخشێ
من شوێن پێی تۆی پێ هەڵدەگرم . (ل ١٣)

تەنانەت گەر خۆر بەرپێی ڕوناك بکاتەوە ئەم خزمەتی شوێن پێ ـ هەلگرتنی دلدارەکەیدا بەکاری دێنێ . لێرەدا خۆر وەك لای زۆر شاعیر مەبەستەو ڕەمزە بۆ سەربەستی . لای نەبزاد تەنیا هۆیەو بەکاردێ بۆ مەبەستێکی ڕۆمانتیکی‌تر کە ئەویش شوێن پێ هەلگرتنی دەستگیرانە بۆگەیین پێی . وەك هەستبەوە بکا کە گوایە ئێمە گلەیی لێدەکەینو دەڵێین چۆن دەستگیران لە خۆر مەزنترە ؟ . ئایا ئەم باری‌یەچی‌یە بەرەمزی دەکەی ؟ بۆ هەوڵ نادەی باشتر لە ڕەمز بگەن تاتووشی دژواری نەبی ؟ وەك بەمەی زانیبێ هەڵدەداتێو باسی خۆشەویستی‌یەکەی دەکا تا پێمان بڵێ ناهەقم نی‌یە . گەرچی ئێمە بەم ڕۆمانتیکی‌یەتە قایل نابینو دەڵێین ئەی شاعیرەکە وورە بەرمەدەو ووردتر بە . ڕۆژێك دەبگەیتێ . پێویست ناکا

دەگریم گەر بزانم گریان چەند ڕۆژێك دەتهێنێتەوە
خۆم دەکوژم گەر بزانم مەرگم زێیەو
ترێفەی مانگو سامالی تیا دەبینیو
ئێوران قژی پێدەشۆی . (ل ٤٨)

شاعیر گەر بەم ناسکیو گۆرانی گەری‌یەوە ناوەستێ بەڵکە زیاتر تۆخی دەکاتەوەو سیفەتی موتلەقی دەداتێ .

دەمباتەوە نامباتەوە لای من هەر تۆی ...
تاقە ڕووباری داوێن‌پاك ، ئەو ڕوبارەی خاك لافی پێوە
لێدەدا ئەو ڕوبارەی مرۆڤ چۆکی بۆ دادەدا . (ل٤٩)

ئەم ڕووانینە سۆفی‌گەری‌یانەیە بۆ دلدارو دەستگیران وخۆشەویست ..... ڕامان دەگرێو هەست بە مەترسی دەکەین لەسەر شاعیر . چونکە هەر ڕووانینێك زانستی‌یانەو مەوزووعی‌یانە نەبێ جێی مەترسی‌یەو زۆر جار ئەنجامێك دەدا بەدەستەوە پێچەوانەی ئەو خواستو مەبەستەی شاعیر خۆیشی ویستوویێتی نەك ئەمە بەڵکە گەلێ جار شاعیر گەر بشلێ

پێم ئەووتی : لانەوازو بێ پەنایشبی
جلەوی ئەسپی خان نەگری ؟
ئەم ووت : ئەم خانە خۆش خوانێك ڕاناگرێ
بەیتو باوی ئەوین بلێو عاشقەکانی هەموو وولات
دوای خۆی بخات ؟ (ل ٧)

بەلێ .. گەر وایش بلێ .. هێشتا دووشکەو گومان لەهەموو شت دەکا تەنانەت لە خۆی کە هێندەی خەیاڵە فراوانەکەی پاك نەبێ . بۆیە :

دەترسم تۆیش دابێتەوە

ئەوە ترسی‌یەکەمێتی بۆ تەسلیم بوون . ترسی دووەمیشی هەیە بۆ خۆ لەناوبردن نەك بەرگە نەگرێ . دیارە ئەمەیشیان گۆڕەپان چۆڵ کردنو خۆڕانەگرتنە لەبەردەم کێشەکاندا .. واتە جۆرێکی ترە لەتەسلیم بوون

دەترسم تۆیش دابێیەوە
یا خۆت لەشاخی بەرزەوە
هەڵدێریتو نەتبینمەوە (ل ١٦)

گەر ئەو خەیاڵاتانە لە لایەن شاعیرەوە دژایەتی لەگەڵدا نەکرێو هەوڵ نەدا بە فەلسەفەیەکی پێشکەوتووخوازی مرۆڤویستانە بەرپەرچی لێبکا . کاتێ بەخۆی دەزانێ بووە بە بینەرێكو هیچی تر . کاتی دەزانێ لە هەناسە هەڵکێشانو ئاخو ئۆف زیاتر هیچی تری بۆ نەماوەتەوە

دەچمەوە پشت شووشەی پەنجەرەی
بەر کزە باو ڕادەمێنم
دەڕووانمە دوور (ل ١٤)

ئەم ڕووانینە دوورە بێهوودەو ساردە .. گەرمیو شۆڕشگێڕیو گیانی بەردەوام بوون لە گۆڕینو پێشکەوتندا دەکوژێ .

لەو جۆرە ڕووانینە میتافیزیکی‌یانەدا هیچ چەشنە ئومێدێکی ئینسانی‌ی شیاو بۆ سەردەمو ئانو سەعاتی کێشەکە بەدی ناکرێ جگە لە وورێنەو خۆ دوواندنو وورە بەردانو خۆ ڕووخاندنو خۆدانە دەست (نادیار) . کە ئەمە خۆی لە خۆیدا وورە

بەردان و تەسلیم بوونە بە چەوسێنەران .

دیارە تروسکەی ئاگرێك بەفرێك .. چرایەك نابینی !!
دیارە بەردیش گوێت لێ ناگرێ بۆیە هێندە دەڕوانیتە
ئاسۆی دوورو خۆت دەدوێنی تاریکایی دەگرێتەبەر
ڕەشەبای کیبیت دەڕوێنی خۆت دەڕمێنی . (ل ١٥)

بەڵام نەوزاد وەك لە سەرەتادا ووتم یەکێکە لەو شاعیرانەی خەمەکانی بۆخەڵکن نەك تاك و تەنیای خۆی .. بۆیە دەکەوێتە کێشە لەگەڵ ئەو خەیاڵە ڕەشبینیانەداو دەیەوێ خۆی لەو خەوە سامناکانە بەخەبەر بێنێتەوە

بمگێڕەوە بۆ .. هەر لەم دیو .. دیوارەوە
دەم دوێنی ؟ (ل ٤١)

نایەوێ بینەربێ و هیچی‌تر . گەرچی جۆری پەروەردەکردنەکەی ناو خێزانی و ناو کۆمەڵانی ئەو خەڵکەی جاران‌کاری لەگەڵ دەکردن هەندێ جۆر لە بینەری دەسەپێنن بەسەردا . بەڵام ئەم لەناو ئەو هەموو تاریکی و پەروەردەی ناڕێك و گرێ و کۆسپانەدا .

من لەودیو تەم و مژەوە
باوەشێك گڵۆپ دەبینم دادەگیرسێ (ل ٤٠)

ئاێرەوە هانی شاعیر دەدەین بەرچاوی ڕۆشن‌تر بکاتەوەو لەبەرهەمەکانی داهاتوویدا لاوێکی گەشترو جوانترو بە وورەتربێ و بڕوای بە هێزی گەل بێ .

چونکە ئەوساکە چورتم ئەژنۆی نانەوێنێ . بەتایبەتی بۆ ئەوێك ئومێد گەلێك پێویستە مادام ئەوەندە هوشیاری هەیە

من پێش هاتنی باو بۆران چڵەکانم بینی شکان
پێش سووتانی ئاوی جۆبیار ماسی و مەلم بینی خنکان
پێش بیستنی تەقەی تاپر پۆلە پاساریم دی پێکران
پێشە کەوتنی ئاتەم بەفرە ڕەوەکەرم بینی خۆیان
لەڕەشایی شاخ دەکوتا) (ل ٧)

حەز دەکەین ئەو ووزەلاوەی هەیەتی هوشیارانەتر بیخاتە کار . تا پێشتر بکەوێ و ئەم ڕەشبینی‌یە ڕەت‌بکاتەوە

من چاووم بۆ هەر ئەستێرەیێك هەڵبڕی
کەوت و ڕژا !!

هەر زێیەکم خۆشویست سووتا . (ل ٩)

با بەو خەمناکی‌یە ئەڕوانێتە سرووشت و زەمینەیەکی پتەوو خێر خوازانەی‌وا بۆ خۆی دیاری‌بکا کەبێکا بە خاوەنی خۆشەویست و دڵدارێکی هەرگیز ئاوانەبوو تا وا نەمێنێتەوە :

ئەوا تۆیشم لێ ئاوابووی
بێشەم‌دیوە دارەکانی خۆی ناشتووە ... هتد (ل٩)

نەك ئەم شاعیرە لاوەمان بەڵکە ڕووی دەمم لە گشت شاعیرانی لاومانە هەرگیز هیوا بڕاوو ڕەش‌بین نەبن . دەنا لاشەی شیعری خۆیشیان دەنێژن و هەموو ژیان و ڕووداوەمەزنەکانی بێ‌هوودەو ووشك و ڕەش دێتەپێش چاویان

لەو ساوە گەڵا ڕێزانە
لەو ساوە مەل نەهاتۆتەوە لانە
لەو ساوە مەل ئاسك دەمی نەناوەتە ئاومان
پەلەوەرێك نەهاتۆتە سەر کەنارمان (گۆی کە نارمان)
(ل ٦)

هیوادارم لای نەوزادو لای هەموو شیعرنووسەلاوەکانمان (ئەوانەی بۆ گەل خەمبارن) ئەو ڕەشبینی و کەم وورەیی‌یە ڕوونەدا . دیارە نەوزاد درکی بە ئەنجامی ناتەواوی ئەو خەمناکی‌یەڕەشەکردووە بۆیە بە ترسەوە دەنگی هەڵدەبڕێ :

ئەو ڕەشەبایە ڕاگرە . بیسووتێنە
ئەوەك چادرەکانمان بباو
کۆختەکانیش کوژکاتەوە . (ل ٣٧)

دیسانەوە ئومێدەوارم چۆن توانی زۆربا ڕەت بکاتەوە . ئاوایش ئەم بێ‌هوودەیی و خەمناکی‌یە ڕەشەی سیزیف ڕەت بکاتەوە . خۆی ئەو ڕەشەبا ڕەشە ڕابگرێ و بیسووتێنێ (یان کاربکا بۆ سووتاندنی) نەك داوا لە کەسانی تر بکا . چونکە نامانەوێ لاوەکانمان بینەرین و هیچی تر . با شاعیر باوەڕی بە توانای خۆی و گەل هەبێ . **چونکە ئەم گەلی عێراقە بە گشتی و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی هێشتا زۆر پێویستی بە نەوزادو نەوزادەها هەیە بۆ هێنانەدی خەوەمرۆڤانەکانمان بۆ بنیات نانی بێشکەی ئاوات و بەهەشتی سەرزەوی و نەهێشتنی چەوساندنەوەی ئینسان بۆ ئینسان ●**